# سۆسیال دیموکراتی یەکێتیی یان سۆسیال دیکتاتۆر؟

## لادانی وەزیری ڕۆشنبیریو ئازادییەکەی مام جەلال!




چوارشەممە 26.10.2005

**دەرسیم دیبەگەیی**

Darsim88@hotmail.com


دوای ئەوەی سۆسیال دیموکراتەکانی دانیمارک لەهەڵبژاردنی 11.3.1998دا بۆ جارێکیتر سەرکەوتنو یەکەم دەنگیان هێنا بۆ پەرلەمان، لە 23.11دا حکومەتێکی هاوبەشیان لەگەڵ "پارتی ڕادیکالی چەپڕەو" دامەزراند. یەکێک لەئەرکە هەرە قورسەکانی ئەو حکومەتەو هەردوو پارتەکەی ناو حکومەت، کارکردنیان بوو لەپێناوی ئەنجامدانی ڕاپرسییەک بۆ دەنگدان بە بەڵێ بۆ پارەی هاوبەشی ئەوروپی (ئیرۆ).

ئەوەبوو لەڕۆژی 28.9.2000دا ڕاپرسییەکە ئەنجامدراو لە 53،2%ی خەڵکی دانیمارک لەدژی بەشداربوونی وڵات لەپارەی هاوبەش (ئیرۆ)، دەنگییاندا. زۆر لەو کەسانەش کە لەدژی ئیرۆ دەنگییاندا، ئەندامانی سۆسیال دیموکراتو پارتی ڕادیکالی چەپڕەو بوون، چونکە ئازادیو دیموکراتی ڕاستەقینە سەروەرە لێرەدا، نەحکومەت نە پارتەکانیان لێپێچینەوەیان لەگەڵ دژەکان نەکرد، یان لەسەر کار لایان نەدان یان چاویان لێسوور نەکردنەوە. بەڵام لەبەرئەوەی لە حکومەتە بەناو سۆسیال دیموکراتییەکەی ئال فەتاح کە خاوەنەکەی مام جەلالە، ئازادیو دیموکراتی بوونیان نییە، هیچ کەسێ بۆی نییە ئازادانە بیر بکاتەوە یان دەنگبدات، هەتا ئەگەر ئەو کەسە سەر بەپارتی دەسەڵاتداریش نەبێت!.

لەسەردانی مانگی ئایاری 2005مدا بۆ کوردستان، برادەرێک کە ئەندامێکی دیاری ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە دەستخۆشی ئەو ڕەخنانەی لێکردم کە لەسەر یەکێتییو مام دەیاننووسم. ئەو برادەرە گوتی: (هیوادارم بەردەوام بیت لەسەر ئەو جۆرە نووسینانەت، ئێمە هەم دەستەکانمان هەم دەممان بەستراوە، ناوێرین هیچ ڕەخنەیەک بگرین، چونکە هەڵپەساردنو سزادانو لادان لەسەر کارو لێسەندنەوەی پلەوپایەی حزبی چاوەڕێمان دەکات. ئێمە ئاڵای سپیمان بۆ مام جەلال بەرزکردۆتەوە، چونکە لەناو یەکێتیی ئەو هەموو شتێکەو کەسیتر هیچی بەدەست نییە! لەناو خۆماندا ئەوەمان کردووە بەنوکتەیەکو دەڵێین: مام جەلال هەرشتێک بڵێت، ئێمە دەبێت بێ یەکو دوو جێبەجێی بکەین، بۆ نموونە ئەگەر بەهەر یەکێکمان بڵێت: (بڕۆ گوی بخۆ)، دەبێت بڵێین: بەسەرچاو مامە، بەڵام چەندی بخۆین؟ تەنانەت بۆ دیاریکردنی بڕی (...) دەبێت ئەو بۆمان دیاری بکاتو خۆمان لەوەش ئازادنین)! وا دیارە ماموو سەرکردایەتی یەکێتیی دەیانەوێت ئەو بیردۆزەیەی مام جەلال لەدەرەوەی یەکێتییو لەناو پارتەکانی دیکەی کوردستانیش پیادە بکەنو بەسەر ئەوانیشیدا بسەپێنن، بۆیە هەرکەسێک لەناو حکومەتو پارتەکانی تریش دەنگیان بۆ دەستوری ئەو ئێراقەی کە مام بەدەیان جار بە ئێراقی عەرەبی ناوی بردووە نەدابێت، ئەو موتفەڕکەی مام جەلالی دەرخوارد دەدەنو سزای دەدەن!!.

هەفتەنامەی "چاودێر" لەژمارە (51)ی دووشەممە 24.10.2005دا لە لاپەڕە (1)دا باسی ئەوە دەکات کە وەزیری ڕۆشنبیری دەنگ بەدەستوور نادار لەپۆستەکەی لادەبرێ. هەروەها عومەر فەتاحی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێم ڕایگەیاندووە کە: "موحاسەبەی ئەو وەزیرو لێپرسراوە حکومییانە دەکەین کە بەشداری ڕاپرسیان نەکردووە. بەشدارینەکردنی ڕاپرسی مانای وایە ئەو کەسانە بەشدارییان نەکردووە لەخەباتی میللەتەکەماندا، بەشدارییان نەکردووە لەڕەوایی کێشەکەماندا، بەشدارییان نەکردووە لەپرۆسەیەکدا بەنسبەت ئێراق چارەنوسزازە، لەبەرئەوە بەدڵنیاییەوە موحاسەبەیان دەکەین".

لێرەدا عومەر فەتاح دەیسەلمێنێت کە هیچ کەسێک نابێت خاوەن هەڵوێست بێت یاخود هەڵوێست لەسەر شتێک وەرگرێت کەباوەڕی پێی نییە یان بەبۆچوونی ئەوکەسە هەڵەیە، بەڵکو خەڵک دەبێت دەرویشی پارت بن!!!!.

عیماد ئەحمەدی جێگری عومەر فەتاح بە وەزیری رۆشنبیری گوتووە: "گەر مەسەلەی پارتایەتی نەبێ تۆ دەبیتە وەزیر؟!

پێشنیاری ئەوە دەکەم عیماد ئەحمەدو پارتەکەی، ئەو پۆستەی وەزیری رۆشنبیری بدەن بەکەسانی وەکو بایز تاڵەبانی وەزیری دارایی یان ئەختەر نەجمەدینی وەزیری خوێندنی باڵا، ئەگەر کەسانی واشیان دەست نەکەوت، هەرچەندە دڵنیام کە زۆرن، ئەوکاتە بیدەن بە سەعدی پیرە!!!. ئایا ئەگەر مەسەلەی پارتایەتی نەبوایە، کەسانی وەکو بایزو ئەختەرو هەندێک لە فایلدارەکان دەبوونە وەزیر یان ئەندامی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسی؟

هەر رۆژێک دوای ئەوەی هەفتەنامەی چاودێر هەواڵی لابردنی وەزیری رۆشنبیری راگەیاند، لەئەنجامی دەنگدانی بۆ دەستوری شەرمەزاری ئێراقی عروبە، مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتیی لەکۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ لێپرسراوو کارگێڕو ئەنجومەنی مەڵبەندەکان لە 25.10 لەهۆڵی شەهید شیهاب لە قەڵاچواڵان کە لە کوردستات نیشاندرا، گوتی: (یەکەمجارە هەموو نەتەوەو تایفە جیاجیاکانی ئێراق بەشداردەبن لەدەستورێکداو <u>خەڵکیش ئازاد دەبن لەدەنگدان لەسەری بە بەڵێ یان نەخێرو یان دەنگنەدان لەسەری).</u>

ئەرێ خەڵکینە، دەکرێت باوەڕبێنین کە هێشتا مام جەلال نەیزانیوە وەزیری رۆشنبیری لەسەر کارەی دەرکراوە، چونکە ئازادی رادەربڕینی خۆی پیادە کردووەو دەنگی بەدەستورێک نەداوە کە باوەڕی پێی نییە؟ نەدەکرا مام جەلال، یەک دوو مانگ دانی بەخۆدا بگرتایەو ئینجا ئەو قسەی بکردایە؟ چونکە ئێستا کەس باوەڕی پێناکات، لەکاتێکدا کەرۆژێک پێشتر دەنگۆی دەرکردنی فەتاح زاخۆیی بڵاوبۆتەوە!!. ئەگەر خەڵک ئازاد بونایە لەدەنگدان بەبەڵێ یان نەخێر یان دەنگنەدان، هەروەکو مام جەلال رایگەیاندووە، ئەی بۆ ئەو وەزیرە دەردەکرێت؟؟؟؟.

بەپێی هەفتەنامەی هاوڵاتی ژمارە (247)ی چوارشەممە 26.10.2005، سەرچاوەیەکی بەرپرس لەئەنجومەنی وەزیران، کۆمەڵێک قسەی بێسەروبەری کردووە کە دەڵێت: (ئەوانەی لەئێراقدا دەستوریان رەت دەکردەوە زۆربەیان ئەوانە بوون کەدژی ئەزموونی ئازادی گەلەکەمان بوون، وەزیری رۆشنبیریش بەم بڕیارەی ئاو ئەکات بەئاشی ئەواندا). ئەو بەناو بەرپرسە لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت: (کەسوکاری ئەنفالەکان کە موچەکەیان 150 هەزارە چوون دەنگیاندا بە دەستور، بەڵام وەزیری رۆشنبیری کە 5 ملیۆنو سێ سەدو حەفتا هەزار موچەیەتی ئامادە نەبوو دەنگبدات. ئەگەر رێکەوتنی سیاسی نەبوایە لەشارێکی وەکو سلێمانی مەڵبەندی رۆشنبیریو قوربانی دنیایەک کەسی شایستەتر هەیە لەرووی تواناوە بیکەینە وەزیر).

جارێ بەر لەهەموو شتێک ئەو قسانە لەقسەی هەرکەسێک بچێت، لەقسەی بەرپرسێکو کەسێکی سیاسی ناچێت. ئەو بەناو بەرپرسە، وەزیری رۆشنبیری دەخاتە بەرەی دوژمن بەئازادی کوردو کوردستانو ناڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت: ئەوەی دۆستی ئێمە نەبێت، دوژمنمانە، ئەوەی لەبیروبۆچوندا لەئێمە جیاواز بێت، تیرۆریستەو سەر بە زەرقاویو بن لادنە!! کاکی بەرپرس بەلایەوە سەیرە کە وەزیری رۆشبیری خاوەنی بیروبۆچونی تایبەت بەخۆی بێت یان بەئازادی خۆی دەنگبدات یان دەنگنەدات!! ناهەقی ئەو بەرپرسە ناگرم، چونکە پارتەکانی خاوەن دەسەڵات لە کوردستاندا فێرن بەپارە دەنگ بکڕنو بەر لەهەموو هەڵبژاردنێک کۆمەڵێک پارە بۆ ئەو مەبەستە دەدەن بە هاووڵاتییان!

ئەو بەناو بەرپرسە باسی رێکەوتنی سیاسی دەکات، ئەگەرنا کاک فەتاح نەدەکرا بە وەزیری رۆشنبیریو دنیایەک خەڵکی لەو شایستەتر هەبوو لەسلێمانی. راست دەکەیت بۆ نا؟ هەر بەقسەی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی، لەدەرەوەی یەکێتیی نیشتمانیش سلێمانی پیاوی وەکو تەها محێدین مەعروفو ئومێد مەدحەت موبارەکی تیا هەڵکەوتووە، جا بۆ کەسێکی هەڵکەوتووی وەکو ئەوان لەشوێنی زاخۆیی دانانێن؟